# ململانێی شارستانیەتەکان

## ململانێی کلتورەکان

## تیۆرە تازەکانی سەلەفیەتی رۆژئاوا

ن: د. سادق ئیتێمش و:تاهیر عوسمان

ئەو شەپۆڵە توندوتیژیانەی جیهانی عەرەبیو ئیسلامی لە دژی وێنە کاریکاتێرییە بڵاوکراوەکانی یەکێك لە رۆژنامە دانیمارکییەکان بە خۆیانەوە بینی، هەرچەندە رۆژنامەکە ئێستا زیاتر دەفرۆشرێو بڵاودەکرێتەوە تەنانەت دوای بڵاوکردنەوەی وێنەکانیش لە ئەیلولی پارساڵدا بەم شێوەیە نەبووە، شیکردنەوەکانی دوای رووداوەکەش، سەرجەم ئەو گرژیو توندوتیژیەیان بۆ پێشینیەکانی –ساموێیل هنتگۆن-ی تایبەت بە ململانێی شارستانییەتەکان گەڕاندەوە، کە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی 1993 لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (Affaivs Foreigen) وەکو وتارێك بڵاوکرایەوەو دواتر بە هەمان ناونیشان کرایە کتێبو بڵاوکرایەوە، ئەگەرچی

بەتێپەڕبوونی کات، هەمان ئەو کۆمەڵگایانە دوای هەوڵ و قوربانییەکی زۆر سەلماندیان کەوا ڕێگای یەك ئاراستەیی ناگاتە دوا وێستگەو مەنزڵ ئەگەر هەندێك جار نزیکیش دەربکەوێ.

هەنـدێکی تـر هۆکارەکانیـان بـۆ ململانێـی نێـوان کلتـورە جیاجیاکـان گەڕانـدەوەو بەتایبـەتی ئەوانـەی لـە کۆمـەڵگا عەرەبییە ئیسلامییەکان لە لایەك و کلتوری ڕۆژئـاوا لەلایـەکی تـردا سـەریان هەڵداوە، دیـارە خـستنەڕووی تیـۆری ململانێـی نێوان شارستانیەت و کلتورەکان بەڕاست و زانین و دانـانی لـە جێگـای کێبڕکێـی نێـوان شارسـتانیەت و کلتـورە جیهانییـەکان، مەسـەلەیەکە پەیوەندییـەکی راسـتەوخۆی بـە سـووربوونی سەلەفیەت هەیە بە هەردوو باڵە عـەرەبی و ئیسلامییەکەیەوە لەسـەر تیـۆری کودەتـا، چونکە ئـەو کودەتایە هـەموو دۆڕان و پاشەکشێ و دواکـەوتنێکی سـەرجەم ئاسـت و بوارەکـانی پـەردە پۆشـکردووە کـە سیاسـەتە نەزۆکـەکان بەسـەر هاووڵاتییانـدا هێناوە، بـەو پێیـەی کـە ئـەوان هـۆی هـەموو ئـەو نەهامـەتی و دواکـەوتوویی و سـتەم و چەوساندنەوەیەن کـە گەلـەکانیان بـە دەستیەوە دەناڵێنن، هەرچەندە چەمکی سەلەفیەت هەر تـەنها تایبـەت نییـە بـە فیکـری عـەرەبی-ئیسلامییەوە، بـەڵکو لـە ڕۆژئاواش خەڵکانێك هەن داوای ئەو جۆرە هزرانە دەکەن، کە دەکەونە خانەی رەتکردنەوەی هەموو ئـەو پێشکەوتنانەی کە کۆمـەڵگای ڕۆژئـاوایی بـن یـاخود ئەوانـەی کـە بـەهۆی کۆچـکردن و گواسـتنەوەی هێـزی کـار ڕوویـان لـەوێ کـردووە، یـاخود دژی هەوڵـەکانی لادانـی کۆسـپەکانی پەیوەنـدیکردنی ڕاستەوخۆی نێوان گـەلان دەوەسـتن، ئـەوەی بـەم دوایـیەش لـە شۆڕشی زانیارییەکاندا هاتەدی کە هـەموو شـتێکی خـستە بـەر دەستی گشت لایەك، بەبێ ئەوەی جوگرافیاو مەودا دوورەکان و کـات هـیچ ڕۆڵێکیـان بمێنـێ، بـەڵام ئـەو تەوژمـە سـەلەفییە ڕۆژئاواییـە داوا دەکـات کۆمـەڵگا ڕۆژئاوایـیەکان لـە (کلتـورە خواستراوەکان) (پاك بکرێنەوە) و بۆ ئەو کلتوە رەسەنە بـاوەی جـاران بگەڕێنـەوە، بـەر لـەوەی کلتورەکـان تێکـەڵی یـەکتری بکرێن.

شتێکی سروشتییە کەوا کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان هەرگیز نـەیان دەتوانی بگەنە ئەو پێگە شارستانیەی ئـەمڕۆ، ئەگـەر هـەوڵی ناسـینی کلتورەکـانی تریـان بـۆ نەڕەخـسابوایە دەکـرێ بڵێین

هاتنـەدی ئاوێتەبوونـە کلتورییـەکان بەیـەك هـەنگاو نەهاتونەتـەدی بـەڵکو بـە چـەند قۆنـاغێکی جیـاو لـە چـەند ماوەیـەکی مێـژوویی جیـاوازدا دروسـت بـوون، کـە پێدایوستییە کلتورییەکان یاخود پێویستیە ئابوورییەکان ڕێگایان بۆ خۆشکردووە بـە تێپەڕبوونی کاتیش‌و بە بەردەوام بوونی پرۆسـەی بـە یـەك گەیشتن کە هەمیشە لـە منداڵـدانی کۆمـەڵگای رۆژئاواییـدا بـەرزی‌و نزمـی بـەخۆوە بینیـوە، ئـەو دیاردەیـە پەیـدابوو کـە بـە کۆمـەڵگای فـرە کلتـور نـاوبرا، ئەمـەش هاوشـانی دروسـتبوون‌و پەرەسـەندنی کۆمپانیـا فـرە رەگـەزەکان بـوو، ئـەو کـارە رێگـا خۆشـکەرو هـەروەها بەشداریکەری سەرهەڵدانی ئـەو شارستانیەتەبووکە لەبەردەست هـەموو لایـەك دایـە، بـەپێی ئـەو بارودۆخـە ئـابووری‌و کۆمەڵایەتییـەی کـە لـەم وڵات، یـا ئـەو دەوڵـەت دەسـەپێندرێ، دیـارە ئەمـەش هـەر تـەنها متمانـە ناکاتـە سـەر رەوشـە ئابوورییەکـە، هەرچەندە بە بڕبڕەی پشتی گۆڕانکارییەکانیش دادەنرێ، بەڵکو زیاتر متمانە دەکاتـە سـەر ئـەو بنـەما کلتـوری‌و فیکریانـەی کـە کۆمـەڵگای تـازەی فـرە کلتـوری لەسـەر دادەمـەزرێ کاتێـك کـە کـۆچ بـەرەکانیش روویـان لـە رۆژئـاواکرد چـەند دیاردەیـەکی شارسـتانی‌و کلتوریـان لەگـەڵ خۆیـان بـرد کـە دەیانویـست لـە ژیانـە نوێیەکەیانـدا ئامادەیی هەبێ، هەرچەندە ئەوەش لە ژینگەیەك بێ، جیـاوازی لەگـەڵ ئـەو ژینگەیـە هەبێ کە ئەو شارستانیەتەی تیا لە دایك بووەو گەشـەی کـردووەو پـەرەی سـەندووە، ئەو کاروانەش هـەرگیز رۆژێـك لـە رۆژان بـە ئاسـانی نەڕۆیـشتووە بـەڵکو گیروگرفت‌و کێـشەیەکی زۆری لەگەڵـدابووە، کـە پێویـستی کـردووە وەلانـبرێن‌و دوور بخرێنـەوە، بەتایبەتی ئەوانەی مەترسیان بۆ ئەو کاروانە هەبووە، گەورەترین ئەو ترسانەش لەو ئەگـەرەوە سـەری هەڵـداوە کـە کاروانەکـە بـەرەو تـاکڕەوی‌و یـەك ئاراسـتەیی ببـاو لـە ئاکامدا لەگەڵ ئەو تەوژمە تازە هاتووەدا بەریەك بکەون کە لـە ئاراسـتەیەکی هـاتووە، هەر ئەمەشـە کـە هێـزە رۆژئاواییـە توندوتیـژەکان جـاران‌و ئێـستاش گرەویـان لەسـەر دەکردو دەکەن‌و دژی تێکەڵاوبوونی شارسـتانیەتەکان دەوەسـتن‌و داوا دەکـەن کلتـوری رۆژئـاوا پـاك بکرێتـەوەو بگەڕێتـەوە سـەردەمە کۆنـەکان‌و دەسـت بەسـەلەفیەتە رەسـەنەکەی خۆیانـەوە بگـرن، بـەر لـە گفتوگـۆکردن لەسـەر ئـەو فیکـرە سـەلەفیە رۆژئاواییەش با سەرەتا چەمکی شارستانیەت-پێناسە بکەین، ساناترین پێناسـەی ئـەو زاراوەیـە ئەوەیـە کـەوا چـەمکی شارسـتانیەتی ژیـان خـۆی لـەوەدا دەبینێتـەوە کـە پێداویـستییە ئـابووری‌و فیکـری‌و کۆمەڵایەتییـەکان بەشـێوەیەك دابـین بکـرێ، کـە داخوازییەکانی بە جۆرێك  پێ پڕبکرێتەوە تاوەکو ژیانێکی مرۆیی پێ دابـین بکـرێ‌و لە هیچ قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووییدا نەوەستێ‌و  لەسەر ئەوە رۆبنـرێ کە پێشتر بناغەی بۆ دانراوە، ئەو شارستانیەتە بێ نیشتمانە، چونکە ناتوانێ لەگەڵ هەموو ئـەو

پێشکەوتنانەدا هەڵبکات کە هزری مرۆڤایەتی بە دەستی هێناون، بۆیە پەندی گەورەی ئەم جۆرە شارستانیەتە ئەوەیە کە توانای بەردەوام بوونو درێژەدانە بە داهێنانو ئەفراندنەکان، توانای هەرسکردنی پێشکەوتنو سوود لێ وەرگرتنیەتی، گەیشتنە ئەو توانایەش ئەو کاتە ئەستەم دەبێ ئەگەر یەکێك لە ئەڵقەکانی ئەو زنجیرەیە پچڕان کە رۆژانە لە درێژبوونەوەو زیادبووندان.
ئاوێتەبوونی کلتووریش کە خۆی لە قبوڵکردنی بەرامبەر، وەکو هێزێکی کاراو وزەیەکی پاڵنانی زیاتردا دەبینێتەوە، بە یەکێك لەو ئەڵقە گرینگانە دادەنرێن کە زنجیرەی شارستانیەتی ئەمڕۆمان پێك دەهێنن، ئەو تێگەیشتنە لە شارستانیەت بەرەو ئەوەمان دەبات کەئەو بەیەکەوە ژیانە شارستانیەتە لەو چەشنە کۆمەڵگایانەدا بپشکنین کە بۆچوونە ئابوورییەکان باڵیان بەسەر هەموو شتێکدا کێشاوەو هەموو شتێکی ئەو کۆمەڵگایانەش ئەو سیمایەیان پێوە دیارە، کە قازانجی ئابووریو کەڵەکەبوونی سەرمایەکان دەکەنە ئەو ئامانجە لە پێشینانەی کە لە دابینکردنی ئەگەرەکانی ململانێو تازەبوونەوەو پەرەسەندنی بەردەوامدا خۆی دەنوێنێ، لە هەمان کاتیشدا ئەو کۆمەڵگایانە باش دەزانن کەوا هەرگیز ناتوانن بگەنە ئەو ئاواتانەی ئەگەر مامەڵە لەگەڵ چەند چەمکێکی تازەدا نەکەن جیاوازبێ لەگەڵ چەمکەکانی سەدەکانی رابردوودا، کە هەمیشە داخراویو نەناسینی بەرامبەری بەسەردا زاڵ بوو.
ناسینەکەمەکەش زۆرجار بیرۆکەیەکی دەست بەسەراگرتنو چاوتێبڕین باڵی بەسەرداکێشاوە کە زۆرجار چاوسوورکردنەوەو ترساندن دەبنە ئامرازێك بۆ هێنانەدی ئامانجەکان.
بەتێپەڕبوونی کات، هەمان ئەو کۆمەڵگایانە دوای هەوڵو قوربانییەکی زۆر سەلماندیان کەوا رێگای یەك ئاراستەیی ناگاتە دوا وێستگەو مەنزڵ ئەگەر هەندێك جار نزیکیش دەربکەوێ.
بۆیە سەرجەم ئەو ئاستەنگانەیان لابرد کە رێگایان لە بەردەم ئاراستەکەی تردا دەگرتو هەوڵیدا لە بوارەکانی تریشدا مامەڵە لەگەڵ ئەو هێزی کارانەدا بکات کە راهاتبوون تەنها لە شوێنەکانی کارکردنو بازاڕە بازرگانییەکاندا هەڵسو کەوتیان لەگەڵدا بکەن، بەم شێوەیە کۆمەڵگا فرە کلتوورییەکان دروست بوونو کاریان لە پێناو بەردەوام بوونی کاروانە شارستانیەکە دەکرد لە هەموو بوارەکاندا، بۆیە کەشو هەوایەکی تر هاتەکایەوە تەواو جیابوو لە کەشو هەوا تاك جەمسەرییەکە کەجاران میللەتان لەسەری راهاتبوون، هەر لەو قۆناغەی گەشەکردنی شارستانیەتدا لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا چەند دەنگێك هاتنە گۆڕەپانەکەو سڕینەوەی تاکە کلتوورییەکان بە

تەواوی رەت دەکردەوە، چونکە پێیان وابوو ئەو کردەوانە کۆمەڵگاکان لە کەلەپوورو رەسەنایەتییە فیکرییەکە دوور دەخاتەوە، هەر لە بەرامبەر ئەو دەنگانەدا چەند دەنگێکی دیکە هەبوون لایەنگری بەیەك گەیشتنی کلتورەکانو فرەییان دەکرد، کە هەندێك پێیان وابوو فیکری تاك لایەنی پێ دەوڵەمەند دەبێو هۆکارێکە بۆ بەیەك گەیاندنی فرە چەشنی فیکری جیهانی، هەر لە سۆنگەی ئەو گفتوگۆو بەریەککەوتنی دەنگە جیاجیاکاندا ناوی "سامۆییل هنتگۆن" وەکو تیۆردانەری جۆرە ململانێیەکی تر دەرکەوت، کە بە ململانێی شارستانیەتەکان ناونرا ئەمەش هاوشانی دەنگی داواکاری پاراستنی سەلەفیەتی کلتوریو شارستانی بوو، گرفتەکانی لەمەڕ ئەم تیۆرە بە کورتی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە نە بە تەواوی رەتکراونەتەوە نە بە یەکجاری قبوڵکراون، جا بەو شێوەیە بێت کە تیۆرەکەی پێ خراوەتەڕوو یا ئەو شیکردنەوەی کە بۆی کراوە، بەڵام ناتوانین بە تەواوی رەتی بکەینەوە، هۆیەکەی لەوەدایە کە چەند هزرێك دەخاتەڕوو لە پێشکەوتنی شارستانیەتی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووری ئێستادا سەرچاوە دەگرنو لەو جیهانەی ئێستا دەردەکەون کە تاك جەمسەری چارەنووسی پەیوەندی نێوان دەوڵەتو هەروەها نێوان کۆمەڵگاکانیشی کۆنترۆڵ کردووە، هنتگۆن هەوڵدەدا شرۆڤەیەك لە بارەی کلتوری کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا بخاتەڕوو، ئەمەش بە داخوازییەکی رووحی کەلەپوور لە قەڵەم دەدا کە هەرگیز ناکرێ لە تەمەنە مێژووییەکەی شارستانیەتی ئەو کۆمەڵگایانە جیابکرێتەوە کە کلتورێکی رەسەنو رەگ داکوتراویان هەیە، لەسەرووبەندی ئەو چەمکەشدا رۆژئاوا داوا دەکات دەست لەناردنە دەرەوەی کلتورەکەی هەڵبگیرێ، چونکە کلتورێکە بۆ کەسانی تریش بە کەڵکەو لە هەمان کاتدا داخوازێ رێز لەو کلتورەش بگیرێ کە لە کەلەپووری خۆیانەوە سەرچاوەی گرتووە، پاشان ئاماژە بەو ئاکامە دەکات کە تیۆرەکەی (تەبەنی) کردووە، هەر ئەمەش خاڵی ناکۆکییە لەگەڵیدا، چونکە بە حەتمیەتی بەریەك کەوتنی کلتورەکان دادەنرێ بەتایبەتی ئەگەر پەرەسەندنی پەیوەندییەکان بەو ئاراستەیەدا نەچوون کە پێویستە پیایدا بڕۆن. خاڵی ناکۆکی لەگەڵ ئەو تیۆرەدا داننانیەتی بە حەتمیەتی بەگژیەکداچوونی کلتورەکان کە پێکدادانی شارستانیەتەکانی بە دوادادێت، ئەمەش ناکرێ رووبدا، ئەگەر هەوڵمان نەدا ئەو بەریەك کەوتنە بە پلەیەك بە بەرژەوەندی سیاسیو ئابوورییەکان ببەستینەوە، ئەگەر زانیمان ئەو بەیەك گەیشتنە شارستانیو کلتورییە جیهانییە بەردەوام دەبێ، هەندێك جار توندوتۆڵ هەندێك جاری دیکە سستی بەخۆوە دەبینێ، بەڵام هەرگیز نابێ بوەستێ، چونکە ئەم وەستانە واتە پچڕانی زنجیرە شارستانیە بەناویەکدا هاتووەکانی سەرەتای بوونە، ئەگەر کێبڕکێی نێوان شارستانیەتو کلتورەکانیشە ئەوە

بێگومـان بـەردەوام دەبـێ تـا بەیـەك گەیـشتنى نێوانیـان بـەردەوام بـێو ئـەو كێبڕكـێ شارسـتانىو كلتورییـەش هێزێكـى پاڵنـەرى كارایـە بـۆ پەرەسـەندنى بـەردەوامو داهێنانێكى هەمیشەیی.

چاودێرى پەیوەندییەكانى نێوان نەتەوەو میللەتانى سەر زەوى هـەر لـە ئەزەلـەوە تـا قۆناغى داگیكردنى بۆشایی ئاسمانى ئێستامان، تەنها یـەك شـێوازو دیـاردەى ململانێـى بەرچـاو دەكـەوێ كـە خـۆى لـە ململانێـى سـەرزامنكردنو هۆكارەكـانى مانـەوەو بەردەوامى گەشەپێدانو هەنگاونان بەرەو باشتردا دەنوێنێ، بەڵام هۆكارەكانى مانـەوە چین؟

ئەوە بە پلەیەك بە تواناكانى دابینكردنى پێداویستییەكانى ژیانێكى ماددى لە قەڵـەم دەدرێ، كە یارمەتى مرۆڤ دەدا تا بیربكاتەوەو داهێنانو ئەفرانـدن ئـەنجام بـدات، ئـەو ململانێیەى مرۆڤیش سەرەتا لەگەڵ سروشتدا بووە، پاشان نێوان مرۆڤەكان خۆیان بە تایبەتى دواى ئەوەى سەرچاوە ناوخۆییەكان هەموو پێداویـستییەكانى ژیـانى تازەیـان پـێ دابـین نـەكرا، ئـەو بارودۆخـەش بـەردەوام بـوو تـا مرۆڤایـەتى پێـى نایـە چـەند ململانێیـەكى خوێنـاوىو دواتـر شـێوەى كۆیلایـەتىو چەوساندنەوەو كۆلۆنیـالیزمى بەخۆوە بینى،هـەر ئـەو غـەریزە سروشـتییەى مـرۆڤیش، زۆر كـات هـانى دەدا سـەرەتا پێداویستییە ماددییەكانى تێر بكات، تا دواتـر بەهۆیـەوە پێداویـستییە رووحییـەكانى مـسۆگەر بكـات، مەسـەلەیەكى سروشـتییە ئـەو هاوكێـشەیەى سـەرەوە بەسـەر ئـەو كەسانەدا نەسـەپێ كـە دەسـتیان لـە بوونـە ماددییەكـەى خۆیـان هـەڵگرتووەو لـە نـاو پێكهاتەو روحیەكەى خۆیاندا تواونەتەوە، بەڵام ئەو سۆفیگەرو رۆحیانە نابنە بنـەما، بەڵكو لە جیهاندا ژمارەیان كەمەو لـە هاوكێـشە ئاساییەكە دوور دەخرێنـەوە، كەواتـە مەسەلەكە پەیوەندى بە دابینكردنى پێداویستییە ماددىو ئابوورییەكـەوە هەیـە، كـە بوونەتە هۆى پەیدابوونى ئەو ململانێیە، بابەتى ململانێش هەمیشە دەمێنـێو رێگـاو شێوازەكانیشى بەپێى قۆناغـە مێژووییـە جیاجیاكانـەوە دەگـۆڕێن، كـە پەیوەسـتن بـە پلـەى پێـشكەوتنو پەرەسـەندنى كۆمـەڵگاكان خۆیانـەوە، بۆیـە ئـەو بۆچـوونەى كـە هنتگـۆن سـەبارەت بـە ململانێـى شارسـتانیەتەكان خـستوویەتیەڕوو تـەنیا بەشـێكە، بەشێكى گرنگى پێكهاتە شارستانیەتەكەى لەخۆگرتووە پێكهاتەكـە هـەر هـەمووى، بـە واتایەكى تر دەكرێ بڵێین ململانـێ هـەرگیز لـە نێـوان ئـەو پێكهاتانـەدا روونـادا كـە لەسەر بنەماكانى ئـەدەبو فیكـرو هونـەر دامـەزرابن، ئەگـەر ململانێیـەكیش دروسـت بوو ئەوە تەنها كێبڕكێیەك دەبێت بۆ داهێنانى زیاترو لەسەر بنەماو چـەمكى جیـاواز دادەمەزرێن كە جیاوازییەكى تەواویان لەگەڵ ئـەو بنەمایانـەدا دەبـێ كـە دەبنـە هـۆى ململانێى ئابوورىو لە ئاكامـدا وێـران كـردنو سـڕینەوەى بەرامبـەرى بـە دوادادێ كـە

زۆرجار دەست لە بەکارهێنانی چەکە کوشندەکانیش ناپارێزن لە کاتێکدا ململانێی کلتوری دەبێتە ئەگەری بەکارهێنانی (چەکی) قەڵەمو فڵچەو ئامێرە مۆسیقیەکان، تا رووبەڕووی بەرامبەرەکەی ببێتەوە، نەوەك لە ناوی ببا، بەکارهێنانی ئەو چەکە بە مەبەستی داهێنانی باشترو گونجاوتری مرۆڤە، کەواتە ململانێی کلتوری نێوان نەتەوەکان رکابەرەکان بەهێزترو جێگیرتر دەکا، بەڵام بە مەرجێك دووربێ لە بڕیارە پێشوەختەکانی لایەنگری ئەو کلتورە یا ئەوی تریان، بۆیە ململانێی کلتوری ئەگەر ئاراستەیەکی مرۆییو شارستانی هەبوو، تەنها داهێنانو تازەگەری لێ دەکەوێتەوە، بەڵام دیارە هیچ تازەگەرییەك روونادا، ئەگەر کلتورەکە هەموو دەرگاکانی لەسەر خۆی داخست، چونکە گەنجینەکەی درەنگ یا زوو هەر تەواو دەبێ، کەواتە پێویستە رێگای ئاوێتەبوونو تێکەڵاویی فیکری بگرنەبەر کە زۆر پێویستەو نابێ دەستبەرداری بن، ئەو تێکەڵاویو لە یەکتری نزیککەوتنەوەش تەنها بە دیدارو دیالۆگو یەکتری دەوڵەمەندکردن دێتەدی، ئەو جۆرە ململانێ رۆشنبیرییە لە زۆرجاردا سەلماندویەتی کەوا لە تواناادا هەیە مرۆڤەکان بگەیەنێتە ئاستی لە یەکتر نزیکبوونەوەی فیکریو دەوڵەمەندی مەعریفیدا.

پەیوەندییە کلتورییە هەمەلایەنەکانی نێوان نەتەوەکانی ئەمڕۆی جیهانیش نموونەیەکی زیندووی ئەو تێکەڵاوییە کلتوورییەن، سەبارەت بە ئەو ململانێیەی کە سەلەفیەتی رۆژئاوا گرەوی لەسەر دەکا، تا لە شێوەی ململانێی شارستانیەتەکان بە دونیادا بڵاوی بکاتەوەو پاشان بیانو بۆ بەکارهێنانی هەموو شێوازێك بێنێتەوە تا ئەو ململانێیە بە بەرژەوەندی خۆی بشکێتەوە، تەنها ململانێی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانە، لەبەر ئەوەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی، شارستانیەتی مێژووی هەموو مرۆڤەکانە، نەوەك کۆمەڵەیەکی دیاریکراوی خەڵك سەرەتای ئەو شارستانیەتەش تەنها یەکێك بووە، کاتێك کە یەکەمین مرۆڤ دەستی پێکرد، بۆیە ئەوەی بە دواشیدا هات، تەنها زیادکردنی چەند نهۆمێکە بۆ ئەو تەلارەی بە شارستانیەتی مرۆڤایەتی ناونراوە، ململانێی سەر بەرژەوەندییە مادییەکان سەلماندیان کەوا ناتوانن رووبەڕووی ئەو گرفتە جیهانیانە ببنەوە، کە بە چەندین شێوە دەردەکەونو خۆیان لە نەزانیو نەخۆشیو هەژاریو جەورو ستەمو چەوساندنەوەو دەربەدەریو قەڵاچۆکردندا دەبیننەوەو بە رێگای کەناڵە سیاسیو ئایینیو رەگەزپەرستیەکاندا دەردەکەون، تەنانەت ئەو ئامرازانە کار بۆ زیندووکردنەوەو هاندانیشی دەکەن ئەگەر بە پێچەوانەی بەرژەوەندییە ئابوورییە چاوەڕوانکراوەکانیان بێت، ئەو جۆرە ململانێیە سەلماندی کەوا بەرژەوەندییە ئابوورییەکان پەیوەندییەکی بەهێزیان بە توندوتیژیو سیڕەی چەکەکانەوە هەیە، بەتایبەتی کە بەیەك گەیشتنی کلتوری

ئەستەم دەبێو پێشکەوتنی شارستانی دەوەستێو پەیوەندی پچڕان بەشێوەیەکی زۆرەملێ دەسەپێندرێ کە لەوانەیە ماوەیەکی دوورو درێژیش بخایەنێ، لە نێوان گەلانو دەزگا کانیشاندا بە بەردەوامی کار بۆ ئەوە دەکرێ تەلاری شارستانی جیهانی رۆبنرێو ئەو لێکدابڕانە کلتورییە مرۆییە چارەسەر بکرێ کە لە بارودۆخە ناخۆشەکاندا سەپێنرابوون.
مێژووی مرۆڤایەتیش چەندین نموونەی تێدایە کە بەلگەن لەسەر بەیەك گەیشتنو تێکەڵاوبوونی کلتوری شارستانی گەلانو نەتەوەکان، هەرچەندە سەرکردە ئاینیو سیاسیو رەگەزپەرستە توندڕۆکانیان لە پێناو دابینکردنی بەرژەوەندییەکانیان لە شەڕو ململانێیەکی توندیشدا بن، هەر لەو پێناوەشدا دەکرێ بڵێین ئەو ململانێیەی کە سەلەفیەتی رۆژئاوا ئەمڕۆ داوای دەکات متمانە دەکاتە سەر ئەو فیکرە کۆنانەی کە سەرمایەداری چەوسێنەر دوێنێ بانگەشەی بۆ دەکرد، سەرمایەداریش خۆی سەلماندی کەوا ئەو بیرۆکانە نەزۆکنو لەگەڵ کاروانی پێشکەوتووی تازەدا هەڵناکەن، بۆیە بە چەند بنەمایەکی تری سەرمایەداری گۆڕییەوە، لەبەر ئەوەی کەڵەکەبوونی سەرمایەکان یەکەم ئامانجو دوا مەبەست بووە، بەڵام ئەمجارە بەرەنگێکی کۆمەڵایەتی تر بۆیەی کرد، تا بە بەزەیی ترو مرۆڤانەتر دەربکەوێو شان بە شانی دابینکردنی گەشەسەندنی ئابووری هەنگاوبنێو ئەو ئاستی پێشکەوتنە بێنێتەدی کە لەگەڵ بەرەو پێشەوەچوونی سەردەمدا بگونجێ بەڕادەیەك ببێتە تەوەری ئەو ململانێیەی کە نە دەکرێ دەستبەرداری بێو زیادەڕۆیی تیا بکات، نە لە توانایدایە لێی دووربکەوێتە وە، بۆیە بیروڕا سەلەفییە رۆژئاواییەکان وەکو سەلەفییە عەرەبییە ئیسلامییەکان دەکەونە هەڵەیەکی گەورەوە، ئەگەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی سەدەی (21) پشتیان بە (داوو دەرمانی) سەدەکانی پێشوو دەبەستا، چونکە بزاڤی بەردەوامی مێژوو بە چەند قۆناغو رێگایەکی تازەدا دەڕوا کە پێشتر پەیان پێ نەبرابوو، لەگەڵ هەموو ئەو زیادانەی کە لە ئاکامی دەستکەوتەکانی مرۆڤایەتی هاتوونەتە کایەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی هاتنەدی ژیانێکی تازەی مرۆڤایەتی کە هەرگیز ناکرێ بە ژیانی پێشووی بابو باپیرانمانو سەدەکانی رابردوو بەراورد بکرێن، بەکارهێنانی ململانێی شارستانیەتو کلتورەکان لەلایەن فیکری سەلەفی رۆژئاوادا، بەو پێیەی کە ململانێیەکی حەتمیە بۆ گەڕان نییە بە دوای دوژمنێکی تازەداو ئەو دوژمنەشی لە (ئیسلام)دا دۆزیبێتەوە هەروەك ئیسلامچییەکان بۆی دەچن، بەڵکو بۆ ئەوەیە بەیەك گەیشتنو تێکەویی فیکری بە تەواوەتی رەت بکاتەوە، تاکە شارستانیەتی بکاتە چەند شارستانیەتێکی دژ بە یەكو فرە کلتورییەکەشی بکاتە کۆسپێك لە بەردەم دەوڵەمەندیو سوود لە یەکتری وەرگرتنی ئەو کلتوورانە نەوەك

بەیەکەوە هەنگاو بەرەو هێنانەدی داخوازییەکانی ژیانی تازەی مرۆڤایەتی بنێن، هەر لێرەدا خاڵی جیاوازی لەگەڵ ئەو بەرنامە سەلەفییە رۆژئاواییەدا دەردەکەوێ کە ئەو نەوەك هەر بوونی شارستانیەتێکی مرۆڤایەتی پشتگوێ دەخا بەڵکو رەشی دەکاتەوەو کار لە پێناو کۆسپ خستنە بەردەم ئەو بەیەك گەیشتنە کلتورییە جیهانییە دەکاتو داوای (داخستنی) فیکری دەکات، کە دیارە لە هەست بە مەزنیو خۆ بە گەورە زانینەوە سەرچاوەی گرتووە، سەلەفیەتیش ئەو حاڵەتە بەو رۆڵە سەرکردایەتییە دەبەستێتەوە، کە پێویستە پێی هەڵبستێو بە دەستێکی پۆڵایینو چارەنووسی ئەوانی تریش کۆنترۆڵ بکات، ئەو هەڵە گەورەیەی ئەو بەرنامەیە تێی دەکەوێو خۆی لەوەدا دەنوێنێ کە رۆڵێکی بنەڕەتی بە بەرژەوەندییە ئابووریو سیاسییەکان دەدەن لە پێناو خۆشکردنی ئاگری ململانێی نێوان گەلو نەتەوەکاندا بە فەرامۆشکردنی ئەو مەینەتییەی کە شارستانیەتی جیهانیو کلتورەکان بە دەست ئەو ململانێیەوە دەیچێژن.

بە کورتی سەلەفیەتی رۆژئاوا پێویستی بەوەنییە لە دوای دوژمنێکی تازەدا بگەڕێ چونکە دوژمنەکەی ئاشکرایەو لەلای خۆی ناسراوەو پێشتر لەو کلتوورانەدا دەست نیشانکرابوو کە لە زۆربەی نەتەوەو ئاینیەکانەوە بۆی دەهاتو هەر ئەویش کلتوری رۆژئاوای دەوڵەمەندکرد، کە سەلەفیەتی رۆژئاوا نەیتوانی هەرسی بکاو پاشان مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

سەلەفیە رۆژئاواییەکان ئەوەیان بیرچۆتەوە کەوا بەرژەوەندییە ئابووریو سیاسییەکان ئەگەر مەسەلەکە ببێتە راستیو پەیوەست بێ بە داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییەکانیان ئەوە نە ئایین نە شارستانیەت نە کلتور دەناسن، نە هیچ رێزێکیش بۆ ئەو بەها گەورەو پیرۆزانە دادەنێن!!